لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# ڕوونکردنەوەی سێ بنچینەکەی ئیسلام

## بەشێوەی پرسیارو وەڵام

نووسینی

شيخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب بن سليمان بن التيميمي (رحمه الله)

ڕێکخستنی بەشێوەی پرسیارو وەڵام

شيخ محمد الطيب الانصاري المدني

وەرگێڕانی

صلاح فائق مردان

پێداچوونەوەی

م. عبدالكريم محمد قادر (خوابیپارێزێت)

پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی ئیمان لەسلێمانی

چاپی یەکەم ١٤٣١ك

إن الحمد لله ،نحمده و نستعينه و نستغفره ،ونعوذ بالله من شرور أنفسينا ، ومن سيئات أعمالنا ،من يهده الله فلا مضل له ،ومن يضليل فلا هادي له،وأشهد ان لا إله إلا الله وحده لا شريك له ،وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

أما بعد : فإن أصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد (صلى الله عليه وسلم) وشر الأمر محدثاتها ، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ،وكل ضلالة في النار .

پێشەكی ماموستا عبدالكريم :-

خوێنەرانی بەڕێزو خۆشەویست . .السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

ئەم نووسراوەی كەلەبەردەستاندایە بریتی یە لە (ڕوونكردنەوەی سێ بنچینەكەی ئیسلام بەشێوەی پرسیاروو وەلاّم )كەبرای بەڕێزوخۆشەویستم كاك (صلاح فائق)وەریگێڕاوەتە سەر زوبانی كوردی وماندووبوونی لەگەڵدا كێشاوە تاگەشتۆتە دەستی خوێنەران ، كارێكی زۆرباشە وهەستكردنە بەبەرپرسیاری سەرشانی بەرامبەر دینە حەقەكەمان كە ئیسلامە ،لەسەرداواكاری خۆی هەستام بە خوێندنەوەی ،پاش خوێندنەوەی نووسراوەكەی بۆم دەركەوت كە نوسراوێكی زۆربەسودە لەبەرئەوەی بەشێوەی پرسیارو وەلاّم داڕێژراوەونووسراوە ووەرگێڕاوە،نوسراویش لەسەرئەم شێوازە زیاترجێگەی خۆی دەكاتەوە لەدڵەكانداوباشتریش خەڵكی سودی لێ وەردەگرێ ، وەهۆكارێكی باشە بۆچاكترتێگەشتن ، وەڕوون وئاشكرایە بۆهەمووكەسێك كە بیەوێت سودی لێ وەربگرێت ، وەگونجاوە بۆقوتابی عیلم

**وماموستاوفێرخوازان ، داواکارم لەخوای گەورە کە بیکاتە جێگەی زۆر بۆنووسەری و وەرگێڕی وبیسەروخوێنەری ،هەروەك چۆن سود لە (أصل)ەکەی وەرگیراوە لە پێشتردا . . .وبالله التوفیق**

سبحانك اللهم وبحمدك ،أشهد ان لا إله إلا أنت ،أستغفرك وأتوب إليك

براتان / عبدالكريم محمد قادر

سلیمانی – ٤رجب – ١٤٣٠ك

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد(صلى الله عليه وسلم) وعلى آله وصحبه أجمعين...وبعد

س١:ماهي المسائل الأربع التى يجب على كل إنسان أن يتعلمها؟

پ١:ئەو چوار بابەتە گرنگە چىيە کە پێویستە هەموو موسڵمانێکی نێرو مێ بیزانێت؟

ج/

- العلم: وهو معرفة الله و معرفة نبيه و معرفة دين الإسلام بالأدلة.
- العمل بهذا العلم.
- الدعوة اليه.
- الصبر على الاذى فيه.

و/

- زانست: بەهۆی ئەم زانستەوە خوای گەورەی پێ بناسێ،وە پێغەمبەری خوای(صلى الله عليه وعلى آله وسلم)پێ بناسێ، وە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی پێ بناسێ بە بەڵگەی ڕاست و دروستەوە.
- کردەوە بکات بەو زانستەی کە بەدەستی هێناوە.
- پاشان بانگەوازی خەڵکی پێ بکات بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلامو ببێتە بانگخوازبۆی.
- ئارام بگرێت لەسەر ئەو ئازارو ناڕەحەتیانەی کە بەهۆی بانگەوازکردن بۆ ئیسلام تووشی دەبێت.

س٢:ماالدليل على ذلك؟

پ٢:بەڵگە لەسەر گرنگێتی ئەم چواربابەتە چی یە؟

ج/ قول تعالى﴿ وَٱلۡعَصۡرِ ۝١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ۝٣ ﴾ (العصر: ١ – ٣).

و /خوای گەورە دەفەرموێت(سوێندبێت بەکاتو زەمانەو نوێژی عەسر، بەڕاستی ئادەمیزاد لە زەرەرمەندیو خەسارەتمەندیدایە، جگە لە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە(بەهۆی زانستیانەوە)و کردەوەچاکەکانیان ئەنجام داوەو ئامۆژگاری یەکتریشیان کردوە کە هەمیشە پابەندی حەق بنو بەردەوام ئامۆژگاری یەکتریان کردوە تا هەمیشە خۆڕاگرو ئارامگر بن).

س٣:ماالذى قاله الشافعي فى هذه السورة؟

پ٣:ئيمامى شافعى(ڕەحمەتى خواى لىٚ بێت) چى دەڵێت دەربارەى ئەم سورەتە؟

ج/لو ما انزل الله على خلقه إلا هذه السورة لكفيتم.

و/ واتە(ئەگەر ببوايەو خواى گەورە تەنها ئەم سورەتەى دابەزاندايە بۆ سەر هەموو خەڵكى بۆ ئەوەى شوێنى ئيسلام بكەوتنايە بەس بوو بۆيان).

واتا (ئەم سورەتە بەسە بۆ هاندانى خەڵك كە شوێنى ئيسلام بكەونو ئيمان بهێننو كردەوەى باشى پىٚ ئەنجام بدەنو بانگەوازى ئيسلام بگەيەننو ئارام بگرن لەسەر ناخۆشييەكان).

س٤:هل القول والعمل قبل العلم أو العلم قبلهما؟

پ٤:ئايە قسەو كردەوە پێش زانستە يان زانست پێش قسەو كردەوەيە؟

ج/العلم قبلهما، بدليل قوله تعالى ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ﴾ (محمد: ١٩).

و/زانست پێش قسەو كردەوەيە، بەبەڵگەى ووتەى خواى گەورە كە دەفەرموێت (بزانە كە هيچ پەرستراوێك نيە بەحەق بپەرسترىٚو عيبادەتى بۆبكرێت جگە لە (الله)، پاشان داواى لێخۆشبوون لەتاوانەكانت لە خوابكەو وەبۆ ئيمانداارانيش داواى لێخۆشبوون بكە).

س٥:ماالذى قاله البخارى على العلم؟

پ٥:ئيمامى بوخارى(ڕەحمەتى خواى لىٚ بێت) چى دەڵێت دەربارەى زانست؟

ج/العلم قبل القول والعمل.

و/دەفەرموێت (( زانست پێش قسەو كردەوەيە)).

س٦:ماالمسائل الثلاث التى يجب تعلمها والعمل بها؟

پ٦:ئەو سىٚ بابەتە كامانەن كە پێويستە لەسەرمان بيزانينو كارى پىٚ بكەين؟

ج/

١) ان الله خلقناو رزقنا ولم يتركنا هملاً، بل أرسل إلينا رسولاً، فمن أطاعه دخل الجنة ومن عصاه دخل النار.

و/

١) بەدڵنياييەوە خواى پەروەردگار دروستى كردوينو ڕزقى داوينو وازى لىٚ نەهێناوينو فەرامۆشى نەكردوين، بەڵكو نێردراوێكى بۆ ناردوين تا ڕێگەى ڕاستو دروستمان پىٚ نيشان بدەن، جا هەركەسێك وەك پێويست گوێڕايەڵى ئەو نێردراوە بكات دەچێتە بەهەشتو هەركەسێكيش وەك پێويست گوێڕايەڵى نەكات دەچێتە دۆزەخ.

س٧:ماالدليل على ذلك؟

پ٧:بەڵگە بۆ ئەم وەڵامە چی یە؟

ج/قوله تعالى﴿ إِنَّآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَٰهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ رَسُولًا ﴿١٥﴾ فَعَصَىٰ فِرْعَوْنُ ٱلرَّسُولَ فَأَخَذْنَٰهُ أَخْذًا وَبِيلًا ﴿١٦﴾ ﴾ (المزمل: ١٥ – ١٦).

وە/خوای گەورە دەفەرموێت (بەڕاستی ئێمە نێردراوێکمان بۆ ناردون تا شاهێدبێت بەسەرتانەوە هەروەك چۆن نێردراومان نارد بۆلای فیرعەون، جا فیرعەون سەرپێچی ئەو نێردراوەی کرد ئێمەش گرتمانو بە توندترین شێوە سزاماندا).

٢) إن الله لا يرضى أن يشرك معه فى عبادته احد، لاملك مقرب، ولا نبى مرسل.

٢) خوای گەورە ڕازی نییە لە کەسێك لە عیبادەتەکانیدا هاوبەش بۆ خوا سازبدات، جائەو هاوبەشە ئەگەر فریشتەیەکی نزیکیش بێت لە خوای گەورەوە یان پێغەمبەرێکی ڕەوانە کراویش بێت..

س٨:ما الدليل على ذلك؟

پ٨:بەڵگە بۆ ئەم وەڵامە چییە؟

ج/قوله تعالى﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾ ﴾ (الجن: ١٨)

و/خوای گەورە دەفەرموێت (مزگەوتەکان ماڵی خوانو بەتەنها بۆ پەرستنی ئەو دروست کراون، دەی کەواتە ئێوەش لەگەڵ خوادا هیچ شتێکی تر مەپەرستنو هاواری لێ مەکەن). واتە (نە هاوار بکەنە فریشتە نە پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) نەدار نەبەرد نەقەبر نەشەخص نەهیچ شتێ بەڵکو تەنها هاواربکەنە (الله).

٣) أن من اطاع الرسول ووحد الله لا يجوز له موالاة من حاد الله ورسوله ولو كان اقرب قريب.

٣) هەرکەسێك گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وعلى آله وسلم)بکاتو خوای گەورەش بەتاكو تەنها بپەرستێت بۆی دروست نییە دۆستایەتی لەگەڵ کەسانێکدا بکات کە دژایەتی خواو سوونەتەکانی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وعلى آله وسلم) دەکاتو لەڕێ ی خواو پێغەمبەرەکەی(صلى الله عليه وعلى آله وسلم)لایانداوە، ئەو کەسە ئەگەر نزیکترین کەسیش بێت لێیەوە..

س٩:ماالدليل على ذلك؟

پ٩:بەڵگە لەسەر ئەم خاڵە چی یە؟

ج/قوله تعالى ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ

جَنَّٰتٍ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ (المجادلة: ٢٢)

و /خوای گەورە دەفەرمويّت (كەسانێك نابينيت كە باوەڕيان بە خواو پێغەمبەرەكەی (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) ببێتو دۆستايەتيشيان هەبێت بۆ كەسانێك كە لە ڕێی خواو پێغەمبەرەكەی(صلى الله عليه وعلى آله وسلم) لاياندا‌وەو بێ باوەڕن، ئەگەر چی ئەوانە باوكيان بن يان كوڕيان بن يان لە عەشيرەتيان بن، ئائەوانە خوا ئيمانی جێگيركردوە لە ناو دڵەكانيانو پشتگيريان دەكات بەتوانايەك كە لەلايەن خۆيەوەو دەيانخاتە ناو باخانێكەوەلە بەهەشتدا كە ڕووباريان بە ژێردا تێ دەپەڕێتو هەتاهەتايی تيايدا دەمێننەوە، ئەوانە خوا لێيان ڕازی بووەو ئەوانيش لە خوا ڕازی بوون، ئەئەوانە كۆمەڵی خوانو بەڕاستی هەركۆمەڵی خوا ڕزگاربوون).

س١٠:ماالحنيفية ملة إبراهيم؟

پ١٠:ڕاستێتی ئاين وڕێبازی پێغەمبەر إبراهيم(صلى الله عليه وعلى آله وسلم) بريتی يە لە چی؟

ج/ أن تعبدالله وحده مخلصاً له الدين، وبذلك أمرالله جميع الناس و خلقهم لها.

و / بريتی يە لەوەی كە بەتاكو تەنها خوا بپەرستیو دينداری بەدڵسۆزیو نيەت پاكی تەنها بۆ خوا ئەنجام بدەيت، وە هەر بەئەم شێوەيەش خوا فەرمانی كردوە بە هەموو خەڵك وە هەر بۆ ئەم مەبەستەش دروستی كردون.

س١١:ما الدليل على ذلك؟

پ١١:بەڵگە بۆ ئەم وەڵامە چی يە؟

ج/قوله تعالى﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾(الذاريات: ٥٦)

و/خوای گەورە دەفەرمويّت(دروستم نەكردوە كۆمەڵی جنۆكەو مرۆڤ تەنها بۆ پەرستنی خۆم نەبێت بەتاكو تەنها)

س١٢:ما معنى (يعبدون)؟

پ١٢:واتای من(بپەرستن) چی يە؟

ج / يوحدوني وامرهم وأنهاكم.

و/واتە تەنها من بپەرستن بەتاكو تەنهايی كاتێ فەرمانتان پێ دەكەم بە كردنی چاكەكان، وەكاتێ ڕێگريتان لێ دەكەم لە كردنی خراپەكان.

س١٣:ماهو أعظم شيء أمرالله به؟

پ١٣:گەورەترین شتیٚ کە خوا فەرمانی پیٚ کردوین چی یە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەین؟

ج/التوحيد.

و/بەتاك زانینی خوایە.

س١٤:ماهو التوحيد؟

پ١٤:بەتاك زانینی خوا چی یە؟

ج/هو إفراد الله بالعبادة وإثبات إتصافه بما وصف به نفسه، ووصفه به رسوله، وتنزيهه عن النقائص والحدوث ومتشابهة المخلوقات.

و/بریتییە لە بە تاك دانانی خوا بە عیبادەت بۆ كردنی، وەدانپیێدانان بە هەموو ئەو وەصفانەی کە خوای گەورە وەصفیٚنەفسیٚخۆی پیٚ کردوە لە قورئانەکەیدا یان پیٚغەمبەری خوا(صلى الله عليه وعلى آله وسلم)وەصفی خوای گەورەی پیٚ کردوە لە فەرموودەکانیدا، وە بە پاك دانانی خوا لە هەموو جۆرە عەیبو ناڕێکییەك، وە لە هەموو وێکچواندنێکی ناوو سیفەتەکانی خوا بە دروست کراوەکانییەوە...

س١٥/ ماهو أعظم شيء نهى الله عنه؟

پ١٥/ گەورەترین شتێك کە خوای گەورە ڕێگری لێکردوین کە ئەنجامی بدەین چییە؟

ج/ الشرك.

و/ هاوبەش دانانە بۆ خوا.

س١٦/ ماهو الشرك؟

پ١٦/ هاوبەش دانان بۆ خوا واتای چییە؟

ج/ دعوة غير الله معه، وأن تجعل لله نداً في العبادة وهو خلقك.

و/ پەرستنی دروستکراوەکان لەگەڵ خوادا، وە دانانی هاوبەشێك بۆ خوا لە عیبادەتەکاندا لەگەڵ ئەوەی کە تەنها خوا دروستی کردویت.

س١٧/ ماالدليل على ذلك؟

پ١٧/ بەڵگە لەسەر ئەم وەڵامە چییە؟

ج/ ١) قوله تعالى﴿وَٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔا﴾ (النساء: ٣٦).

٢) قوله تعالى﴿فَلَا تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٢٢).

و/١) خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿خوا بپەرستن بە تاكو تەنهایی، هیچ شتێك مەكەن بە هاوبەشی خوا﴾.

٢) خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿هاوبەش بۆ (الله) بڕیار مەدەن لە كاتێكدا كە دەزانن كە دەبێت تەنها (الله) بپەرسترێت﴾.

س١٨/ ماالاصول الثلاثة التي يجب على الإنسان معرفتها؟

پ١٨/ ئەو سێ بنچینەیەی دین كە پێویستە هەموو كەسێك بیانناسێ‌و بیانزانێ چین؟

ج/ معرفة العبد ربه ودينه ونبيه محمداً (صلى الله عليه وعلى آله وسلم).

و/ ئەوەیە كە عەبد خوای گەورە بناسێت‌و ئایینی پیرۆزی ئیسلام بناسێت‌و پێغەمبەری ئیسلام (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) بناسێت.

س١٩/ من ربك؟

پ١٩/ پەرستراوت كێیە؟

ج/ ربي الله الذي رباني وربى جميع العالمين بنعمته وهو معبودي ليس لي معبود سواه.

و/ پەرستراوی من (الله)یە كە دروستی كردووم‌و پێی گەیاندووم، وە پەرستراوی هەموو جیهانیانە بە نیعمەتەكانی خۆی، وە هەر ئەو پەرستراوی بە حەقمە‌و جگە لەو كەسی تر ناپەرستم‌و عیبادەتی بۆ ناكەم.

س٢٠/ ماالدليل على ذلك؟

پ٢٠/ بەڵگە لەسەر ئەم وەڵامە چیيە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ (الفاتحة: ١).

وكل من سوى الله عالم، وأنا واحد من ذلك العالم.

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿هەرچی سوپاس‌و ستایش هەیە بۆ ئەو خوایەی كە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە﴾ وە هەموو شتێك جگە لە (الله) دروستكراوە‌و منیش یەكێكم لەو دروستكراوانە. هەموو درستكراوەكانیش بەڵگەن لەسەر بوونی (الله).

س٢١/ بم عرفت ربك؟

پ٢١/ بە چیدا پەروەردگارت ناسیوەتەوە؟

ج/ عرفته بآياته ومخلوقاته، الليل والنهار والشمس والقمر، والسموات السبع والارضون السبع ومن فيهن وما بينهما.

و/ بە نیشانەكانی‌و دروستكراوەكانیدا ناسیومەتەوە، لە نیشانەكانی وەكو شەوو ڕۆژو مانگ‌و خۆر وە دروستكراوەكانی وەكو دروستكردنی حەوت ئاسمان‌و حەوت زەوی‌و ئەوانەی كە تیایدا هەن‌و ئەوانەشی كە لە نێوانیاندا هەن.

س٢٢/ ماالدليل على ذلك؟

پ٢٢/ بەڵگە بۆ ئەم وەڵامە چیە؟

ج /قوله تعالى: ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ (فصلت:٣٧)

وقوله تعالى: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾( الاعراف: ٥٤).

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿لە نیشانەو بەڵگەکانی دەسەلاّتی پەروەردگار شەوو ڕۆژو خۆرو مانگە، نەکەن سوژدەو کڕنۆش بۆ خۆر یان بۆ مانگ ببەن، بەڵکو تەنها سوژدە بۆ ئەو خوایە بەرن کە دروستی کردون، ئەگەر ئێوە خۆتان بەبەندەی ڕاستەقینەی خوا دەزانن‌و هەر خوا دەپەرستن﴾.

هەروەها دەفەرموێت (بێگومان پەروەردگاری ئێوە (الله) یە کە دروستکاری ئاسمانەکان و زەوییە لەماوەی شەش ڕۆژدا، پاشان بەرزوبڵندبۆتەوە بۆ سەر عەرشەکەی، شەو بەسەر ڕۆژدا دەهێنێت‌و ڕۆژیش بەسەر شەودا دەهێنێت و عەودالّن بەدوای یەکدا ، خۆرو مانگ‌و ئەستێرەکان ملکەچ‌و گوێڕایەڵن بۆ فەرمانی خوای پەروەردگار، وەبزانن کە دروست کردن‌و فرمان کردن تەنها بۆ خوایە، بەرزو گەورەو بڵندە ئەو خوایەی کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە).

س٢٣/ ما هو الرب؟

پ٢٣/ پەروەردگار کێیە؟

ج/ الرب هو السيد المالك الموجد من العدم الى الوجود، وهو المستحق للعبادة.

و/ خوایەکی گەورەیە، خاوەنی هەموو دروستکراوەکانییەتی‌و دروستکراوەکانی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، تەنها (الله) شایستەی پەرستن بۆکردنە.

س٢٤/ ماالدليل على ذلك؟

پ٢٤/ بەڵگە لەسەر ئەم وەڵامە چیە؟

ج/ قوله تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾(البقرة:٢١-٢٢)، فالخالق لهذه الاشياء هو المستحق للعبادة.

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ئەی گرۆهی ئادەمیزاد پەروەردگارتان بپەرستن، ئەو پەروەردگارەی ئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەشی دروستکردووە، بۆ ئەوەی تەقوای خوا بکەن‌و لێ ی بترسن، ئەو پەروەردگارەی کە زەوی بۆ ڕاخستوون‌و ئاسمانیشی بۆ بیناکردوون‌و لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ دابەزاندوون‌و پاشان بە هۆی ئەو ئاوەوە بەرووبوومی بۆ بەرهەمهێناون

تا ببێتە ڕزقو ڕۆزی بۆ ئێوە، کەواتە ئێوە بۆ پەروەردگارتان هیچ جۆرە شیرکو هاوبەشێك قەرار مەدەن لە کاتێکدا ئێوە ئەزانن کە ئەو خوایە تاك و تەنهایەو بێ هاوبەشە﴾ کەواتە تەنها دروستکارو بەدیهێنەری ئەم شتانە موستەحەقی عیبادەت بۆ کردنە.

س٢٥/ ما هي العبادة؟

پ٢٥/ خواپەرستی وعیبادەت چیە؟

ج/ العبادة هي غاية الخضوع والتذلل، وغاية الحب والتعلق لمن فعل له ذلك، وبعبارة أخرى هي إسم جامع لكل مايحبه الله ويرضاه من الاعمال الظاهرة والباطنة.

و/ بریتیە لەو پەڕی ملکەچی وزەلیلی ، وە ئەوپەڕی خۆشەویستی وپەیوەست بوونی تەواو بۆ ئەو کەسەی کە پەرستنی بۆ ئەکرێت. وەبەشێوازێکی تر: ناوێکە کۆکەرەوەی هەموو ئەو قسەو کردارانەیە کە خوا پێی خۆشەو پێی ڕازییە، لە کردەوە ئاشکراکانو نهێنییەکان.

س٢٦/ كم أنواع العبادة التي امر الله بها؟

پ٢٦/ جۆرەکانی عیبادەت چەندن کە خوای گەورە فەرمانی ئەنجامدانی پێداوین؟

ج/ كثيرة منها: الإسلام والإيمان والإحسان والدعاء والخوف والرجاء والتوكل والرغبة والرهبة والخشوع والخشية والانابة والاستعانة والذبح والنذر وغير ذلك من العبادات التي أمر الله بها، كلها مخصوصة بالله تعالى.

و/ جۆری زۆرە لەوانە: ئیسلام بوون، ئیمان هێنان، چاکەکردن، پاڕانەوە لە خوا، ترسان لە خوا، هیوا بوون بە خوا، پشت پێبەستن، حەزکردن بەپاداشتی خوا، ترسان لە سزاوتۆڵەی خوا، ملکەچکردنو خۆزەلیلکردن بۆ خوا، ترسان لە خوای گەورە ترسێك کە لە پاش دڵنیایی بۆت دروستبووبێت لە دەسەڵاتی گەورەی خوای باڵادەست، گەڕانەوە بۆ لای خوا، داوای یارمەتی لێکردنی، پەناپێگرتن، داوای فریاگوزاریکردن، حەیوان بۆ خوا سەربڕین، شت لەسەر خۆ پێویستکردن(نەزرکردن)، وە جگە لەمانەش چەندەها جۆری تری عیبادەت هەیە کە خوای گەورە فەرمانی ئەنجامدانی پێکردووین، هەمووی تایبەتە بە خوای پەروەردگار خۆیەوە.

س٢٧/ ماالدليل على ذلك؟

پ٢٧/ بەڵگە لەسەر ئەمە چیە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا﴾ ( الجن: ١٨).

**وقوله تعالى:** ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ ( الاسراء: ٢٣).

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿مزگەوتەکان تەنها بۆ خوان (واتە شوێنی سوجدە بۆ خوا بردنن) ئێوەش لەگەڵ خوادا هاوار مەکەنە دروستکراوەکانی﴾.

وە هەروەها ئەفەرموێت: ﴿خوای گەورە حوکمی داوە لەسەر ئەوەی کە هیچ کەسێك نەپەرستن جگە لە خۆی زیاتر﴾.

س٢٨/ ماحكم من صرف منها شيئاً لغير الله؟

پ٢٨/ حوكمی ئەو کەسەی کە جۆرێك لە جۆرەکانی عیبادەت بۆ دروستکراوەکانی خوا ئەنجام ئەدات چیە؟

ج/ من صرف منها شيئاً لغير الله تعالى فهو مشرك كافر وإن صلى وصام وحج وزعم أنه مسلم.

و/ هەرکەسێك هەر جۆرێکی عیبادەت بۆ دروستکراوەکانی خوا سازبدات ئەوە ئەو کەسە موشریکەو بێباوەڕە (دوای ئەوەی کە بۆی ڕونکرایەوە) ئەگەر نوێژیش ئەنجامبداتو بەڕۆژووش بێتو حەجیش بکات، وا گومانیش ببات کە موسڵمانە.

س٢٩/ ماالدليل على ذلك؟

پ٢٩/ بەڵگە لەسەر ئەمە چیە؟

ج/ **قوله تعالى**: ﴿ وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾ (المؤمنون: ١١٧).

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿هەرکەسێك لەگەڵ خوادا پەرستراوێکی تر بپەرستێتو هاواری تێبکات لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەکیشی بە دەستەوە نییە، ئەوا حساب و لێپرسینەوەی ئەو کەسە لای پەروەردگارێتی، بە ڕاستی کافرانو بێباوەڕان ڕزگاریان نابێت و سەرکەوتوو نابن﴾.

س٣٠/ ماالدليل على أن الدعاء عبادة؟

پ٣٠/ بەڵگە چییە لەسەر ئەوەی کە پاڕانەوە عیبادەتە؟

ج/ **قوله تعالى**﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴾ (غافر: ٦٠).

وقال رسول الله (صلى الله عليه وعلى آله وسلم): ((الدعاء هو العبادة))[1].

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿پەروەردگارتان فەرموویەتی ئێوە لێم بپاڕێنەوە منیش وەڵامتان ئەدەمەوە، بەڵام ئەوانەی کە لوت بەرزی ئەکەن لە پەرستنمو داوای دوعا لێکردنم ئەوانە ئەچنە دۆزەخەوە بە ڕسوایيو سەر شۆڕی﴾.

وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) فەرموويەتی: ((پاڕانەوە پەرستشو عیبادەتە)).

س٣١/ ماالدليل على أن الخوف عبادة؟

پ٣١/ بەڵگە چیە لەسەر ئەوەی لە خوا ترسان عیبادەتو خواپەرستیيە؟

---

[1] صحيح: صحيح وضعيف الجامع الصغير(٣٤٠٧).

ج/ **قوله تعالى:** ﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٧٥).

و/ خواى گەورە ئەفەرموێت: ﴿لە شەيتانو دۆستەكانى مەترسن (چونكە هاوبەش بڕيارِدانە) لە من بترسن (چونكە عيبادەتە) ئەگەر بە ڕاستى ئێوە ئيماندارن﴾.

## س٣٢/ ماالدليل على أن الرجاء عبادة؟

پ٣٢/ بەڵگە چىيە لەسەر ئەوەى كە هيوا بوون بە خواى گەورە عيبادەتە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾ (الكهف: ١١٠).

و/ خواى گەورە ئەفەرموێت: ﴿هەركەسێك دەيەوێت بە خواى گەورە شادبێت ئەوا با كردەوەى چاك ئەنجام بداتو هيچ كەس نەكات بە هاوبەشى خوا لە عيبادەتەكانيدا﴾.

## س٣٣/ ماالدليل على أن التوكل عبادة؟

پ٣٣/ بەڵگە چىيە لەسەر ئەوەى كە پشت بەستن بە خوا عيبادەتە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ (المائدة: ٢٣).

**وقوله تعالى:** ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ﴾ (الطلاق: ٣).

و/ خواى گەورە ئەفەرموێت: ﴿تەنها بە خوا پشت ببەستن ئەگەر ئێوە ئيماندارن﴾ .

وە هەروەها ئەفەرموێت: ﴿هەركەسێك پشت ببەستێت بە خوا ئەوا خواى بەسە﴾.

## س٣٤/ ماالدليل على أن الرغبة والرهبة والخشوع عبادات؟

پ٣٤/ بەڵگە چىيە لەسەر ئەوەى (حەزكردن بە پاداشتى خوا )و (ترسان لە سزاوتۆڵەى خوا) وە مل نواندنو زەليل بوون بۆ خواى گەورە عيبادەتو خواپەرستين؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ﴾ (الانبياء: ٩٠).

و/ خواى گەورە ئەفەرموێت: ﴿بەندە چاكەكان پێشبڕكێيان ئەكرد بۆ ئەنجامدانى كارو گوفتارى چاكو لە خواى گەورە ئەپاڕانەوەو خوايان ئەپەرست بە حەزكردن بە پاداشتى خواو ترسان لە سزاو تۆڵەى خودا وە ئەوان ملكەچىو خۆ دانواندنيان بۆ خواى گەورە ئەكرد﴾.

## س٣٥/ ماالدليل على أن الخشية عبادة؟

پ٣٥/ بەڵگە چىيە لەسەر ئەوەى كە ترسان لە خواى گەورە عيبادەتو خواپەرستىيە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِي﴾ (البقرة: ١٥٠).

و/ خواى گەورە ئەفەرموێت: ﴿لە كەس مەترسن (چونكە هاوبەش بڕیاڕدانە) بەڵكو تەنها لە من بترسن (چونكە عیبادەتە)﴾.

س٣٦/ ماالدلیل على أن الإنابة عبادة؟

پ٣٦/ بەڵگە چیيە لەسەر ئەوەی كە گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە عیبادەتە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُواْ لَهُۥ﴾ (الزمر: ٥٤).

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿بگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگارو ملكەچو تەسلیم بن بە خوای گەورە﴾.

س٣٧/ ماالدلیل على أن الإستعانة عبادة؟

پ٣٧/ بەڵگە چیيە لەسەر ئەوەی كە داوای یارمەتیكردن لە خوای گەورە عیبادەتە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ (الفاتحة: ٥).

وقول رسول الله (صلى الله عليه وعلى آله وسلم): (( إذا استعنت فاستعن بالله ))[١].

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿خوایە هەر تۆ ئەپەرستین و هەر لە تۆش داوای یارمەتی ئەكەین﴾

وە پێغەمبەری خواش(صلى الله عليه وعلى آله وسلم) دەفەرموێت (ئەگەر پشتان بەست ،تەنها پشت بەخوا ببەستن)

س٣٨/ ماالدلیل على أن الإستعاذة عبادة؟

پ٣٨/ بەڵگە چیيە لەسەر ئەوەی كە پەنا بە خوا گرتن عیبادەتە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾﴾ (سورة الناس).

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿بڵێ پەنا ئەگرم بە پەروەردگاری خەڵكی، پاشاو گەورەی خەڵكی﴾.

س٣٩/ ماالدلیل على أن الإستغاثة عبادة؟

پ٣٩/ بەڵگە چیيە لەسەر ئەوەی كە داوای فریاگوزاری كردن لە خوای گەورە عیبادەتە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَٱسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُرْدِفِينَ﴾ (الانفال: ٩).

و/ خوای گەورە دەربارەی ئەو موسڵمانانەی كە لە كاتی جەنگی بەدردا لە خوای گەورە پاڕانەوەو داوای فریاگوزارییان لێكرد لەو كاتەدا خوای گەورە وەڵامی دانەوەو پێی فەرموون: ﴿ئەو كاتەی لە خوای پەروەردگار پاڕانەوەو داوای فریاگوزاریتان لێكرد ئەویش وەڵامی دانەوەو فەرمووی بە ڕاستی من بە هەزار فریشتەی تر یارمەتیو كۆمەكیتان دەكەم بە شوێن ئەوانی تردا﴾.

---

(١) صحيح: صحيح والضعيف الجامع الصغير(٧٩٥٧).

س٤٠/ ماالدليل على أن الذبح عبادة؟

پ٤٠/ بەڵگە چیيە لەسەر ئەوەی كە حەیوان سەربڕین بۆ خوای گەورە عیبادەتە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾﴾ (الانعام: ١٦٢).

ومن السنة قوله (صلى الله عليه وعلى آله وسلم): ((لعن الله من ذبح لغير الله)).[٢]

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿بڵێ بە دڵنیاییەوە هەموو نوێژەكانمو حەیوان سەربڕینم وە هەموو ژیانم وە هەموو مردنم بۆ خوای گەورەی پەروەردگاری هەردوو جیهانە وە هەر بەوەش فەرمانم پێكراوە كە من یەكەم كەس بم كە هەستم بە ئەنجامدانی فەرمانەكانی خوا﴾.

وە پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) ئەفەرموێت: ((لەعنەتو دووری لە ڕەحمەتی خوا بۆ ئەو كەسە بێت كە حەیوان سەرئەبڕێت بۆ جگە لە خوا)).

س٤١/ ماالدليل على أن النذر عبادة؟

پ٤١/ بەڵگە چیيە لەسەر ئەوەی كە نەزركردن واتا ((پێویستكردنی ئەنجامدانی كارێكی خێر لەسەر خۆت)) عیبادەتە؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿يُوفُونَ بِٱلنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُۥ مُسْتَطِيرًا﴾ (الانسان: ٧).

و/ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ئەوانە وەفادارن بەرامبەر ئەو (نذر) انەی كە پێویستیان كردبوو لەسەر خۆیان چونكە لە ڕۆژێك ئەترسان كە شەڕو خراپەكەی بەربڵاوە﴾.

س٤٢/ ماالأصل الثاني؟

پ٤٢/ بنچینەو بناغەی دووەمی دینەكەمان چیيە؟

ج/ معرفة دين الإسلام بالأدلة.

و/ ناسینی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە بە بەڵگەی ڕاستو دروستەوە.

س٤٣/ ماهو دين الإسلام؟

پ٤٣/ ئایینی پیرۆزی ئیسلام كامەیەو چیيە؟

ج/ هو الإستسلام لله بالتوحيد، والانقياد له بالطاعة، والبراءة من الشرك وأهله.

---

(٢) صحيح: صحيح والضعيف الجامع الصغير(٥١١٢).

و/ بریتی‌یه له خۆ به‌ده‌سته‌وه‌دان و ملكه‌چ بوون بۆ خوای گه‌وره‌ به‌ ئه‌نجامدانی عیباده‌ت كردن ته‌نها بۆ خوا، وه‌ پابه‌ندبوون و په‌یوه‌ست بوون پێیه‌وه‌ به‌ گوێڕایه‌ڵیكردنی، وه‌ دووره‌ په‌رێزیو خۆ دوورخستنه‌وه‌ له‌و كه‌سانه‌ی كه‌ پیشه‌یان هاوبه‌ش بڕیاردانه‌ بۆ خوای گه‌وره‌ (واته‌ موشریكن).

س٤٤/ كم مراتب دين الإسلام؟

پ٤٤/ ئایینی پاكی ئیسلام چه‌ند پله‌ی هه‌یه‌؟

ج/ مراتبه ثلاثة (الإسلام والإيمان والإحسان) وكل مرتبة لها أركان.

و/ سێ پله‌ی هه‌یه‌ (ئیسلام) واته‌ موسڵمانبوون، (ئیمان) واته‌ باوه‌ڕهێنان، (ئیحسان) واته‌ چاكه‌كاری. هه‌موو پله‌یه‌كیش له‌ چه‌ند پایه‌یه‌ك پێكهاتووه‌.

س٤٥/ كم أركان الإسلام؟

پ٤٥/ پایه‌كانی ئیسلام چه‌ندن؟

ج/ خمسة، شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله (صلى الله عليه وعلى آله وسلم)، وإقام الصلاة، وإيتاء الزكاة، وصوم رمضان، وحج بيت الله الحرام.

و/ پێنج پایه‌ن:

١- شاهێدی دان به‌وه‌ی كه‌ هیچ په‌رستراوێك نییه‌ به‌ حه‌ق، شیاوی عیباده‌ت بۆ كردن بێت جگه‌ له‌ (الله)، وه‌ شاهێدی دان به‌وه‌ی كه‌ محمد (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) به‌نده‌و نێردراوی خوایه‌ بۆ ئه‌وه‌ی دینی ئیسلامان پێ ڕابگه‌یه‌نێت.

٢- هه‌ستان به‌ ئه‌نجامدانی نوێژه‌كان.

٣- هه‌ستان به‌ ده‌ركردنی زه‌كاتی ماڵمان.

٤- به‌ڕۆژوو بوونی مانگی ڕه‌مه‌زان.

٥- سه‌ردانی كردنی ماڵی خوا (حه‌جكردن).

س٤٦/ ما دليل شهادة أن لا إله إلا الله؟

پ٤٦/ به‌ڵگه‌ چی‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ ئه‌بێت شاهێدی بدرێت به‌وه‌ی كه‌ هیچ په‌رستراوێك نییه‌ به‌ حه‌ق، شیاوی په‌رستن بێت جگه‌ له‌ (الله)؟

ج/ **قوله تعالى:** ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾ (آل عمران: ١٨).

و/ خوای گه‌وره‌ ئه‌فه‌رموێت: ﴿خوای گه‌وره‌ شاهێدی داوه‌ (به‌ شاهێدیدانێكی دادپه‌روه‌رانه‌) كه‌ هیچ خودایه‌ك نییه‌ شیاوی په‌رستنو عیباده‌ت بۆ كردنبێت جگه‌ له‌ ئه‌و، وه‌ فریشته‌كانو زانایانی خاوه‌ن زانستو زانیاریش ئه‌و شاهێدییه‌یان داوه‌، كه‌ هیچ خودایه‌ك نییه‌ شیاوی عیباده‌ت بۆكردن بێت به‌ حه‌ق جگه‌ له‌ (الله)، خوای گه‌وره‌ش باڵاده‌ستو كار به‌جێیه‌﴾.

س٤٧/ ما معنى لا إله إلا الله؟

پ٤٧/ واتاى (هيچ پەرستراوێك نييە جگە لە "الله") چييە؟

ج/ معناه لا معبود بحق إلا الله وحده.

و/ واتا هيچ پەرستراوێك نييە بە حەق بپەرسترێت جگە لە (الله) كە تاكو تەنهاو بێ هاوبەشە.

س٤٨/ ماالمقصود بـ(لا إله)؟

پ٤٨/ مەبەست چىيە لەوەی (هيچ پەرستراوێك) نييە؟

ج/ المقصود نفي جميع مايعبد من دون الله.

و/ مەبەست پێی ((ڕەتكردنەوەوبەڕەوانەزانينی پەرستنی هەموو ئەوكەسو شتانەيەكە كراون بە پەرستراو بەناحەقو جگە لەخوا ئەپەرسترێن)).

س٤٩/ ماالمقصود ب(إلا الله)؟

پ٤٩/ مەبەست چىيە لە (تەنها "الله" نەبێت)؟

ج/ المقصود إثبات العبادة لله وحده لا شريك له في عبادته، كما أنه ليس له شريك في ملكه.

و/مەبەست پێ ی جێگيركردن و سەلماندنی عيبادەت تەنها بۆ خوا ئەنجامدانە كەهيچ جۆرە شەريكێك و هاوبەشێكی نيە لە پەرستندا، هەروەكو چۆن هيچ جۆرە هاوبەشێكی نيە لە موڵكيدا.

س٥٠/ ماتفسيرها الذي يوضحها؟

پ٥٠/ تەفسيری ئەو ئايەتە چۆنەوكامەيە كەواتای (لاإلەإلاالله) ڕوون دەكاتەوە؟

ج/قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾

وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ (الزخرف: ٢٦ – ٢٨ ).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا

وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾ (آل عمران: ٦٤ ).

و/ خوای گەورە دەفەرموێت ( كاتێ إبراهيم ووتی بەباوكی و خزمانی و گەلەكەی كەمن دورەپەرێزو دابڕاو بێ باوەڕو بەريم بەرامبەر هەموو ئەوخوايانەی جگە لە (الله) دەيان پەرستن، تەنها ئەو خوايە نەبێت كەدروستی كردووم وە هەرئەويشە ڕێنمايم دەكات بۆ شوێن كەوتنی حەق و ڕاستی، وە إبراهيم ئەم ووشەی (لاإلەإلاالله) ی

وەك ئامۆژگاری و وەسیەت نامەیەك هێشتەوە لەنێو وەچەو نەوەكانیاندا بۆئەوەی لەو هاوبەش بڕیاردانەوە بگەڕێنەوە بۆ خوا بەتەنها پەرستی) . وەخوای گەورە دەفەرمووێت ( پێیان بڵێ ئەی ئەهلی كیتاب (گاور و جولەكە) وەرن بۆ لای ووتەیەك كەیەكسانە لەنێوان ئێمەو ئێوەدا ئەویش ئەوەیە كە هیچ كەسێك نەپەرستین جگە لە( الله ) وە بەهیچ شێوەیەك هاوبەش و هاوڕێ ی بۆبڕیار نەدەین، وەبا هەندێكمان هەندێكمان دانەنێین بەخواو گوێڕایەڵیان بكەین لەحەلاڵ كردنی حەرامەكان و حەرام كردنی حەلاڵەكان جگە لە (الله)، ئەگەر پشتیان هەڵكرد لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەوا پێیان بڵێن كە ئێوە بەشاهیدبن كەئێمە موسوڵمانین و ملكەچی فەرمانی خوای گەورە دەبین).

س[٥١] / ما دلیل شهادة أن محمد رسول الله (صلى الله عليه وعلى آله وسلم))؟

پ[٥١] / بەڵگە چی یە لەسەر شاهێدی دانی ئەوەی كە (محمد) (ﷺ) ڕەوانە كراوی خوایە؟

ج/ قَالَ تَعَالَىٰ:﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾(التوبة: ١٢٨).

قَالَ تَعَالَىٰ:﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ﴾ ( الفتح: ٢٩) .

و/ خوای گەورە دەفەرمووێت( بەدڵنیاییەوە بۆتان ڕەوانە كراوە پێغەمبەرێك لەنەفسی خۆتان، زۆر دژوارو ناخۆشە بەلایەوە كەئێوە توشی ناخۆشی و ناڕەحەتی ببن، وە زۆر بە تەنگیشیتانەوەیە و زۆرسورە لەسەر ئەوەی كەئێوە ڕینموی بكات بۆسەر ڕێگای ڕاست، وەبەرامبەر بەئیماندارانیش زۆرنەرم و نیان و بەبەزەییە) .

هەروەها خوای گەورە دەفەرمویت (محمد(ﷺ) ڕەوانەكراوی خوایە، ئەوانەش كەشوێنی كەوتوون و باوەڕیان پێ هێناوە توندو تیژن بەرامبەر بێ باوەڕان و نەرم و نیان و بەبەزەین لەنێوان خۆیاندا).

س[٥٢] / مامعنى شهاده أن محمداً رسول الله (صلى الله عليه وعلى آله وسلم))؟

پ[٥٢]/ واتای شاهێدی دان بەوەی كە (محمد)(ﷺ) ڕەوانەكراوی خوایە چی یە؟

ج/ طاعتة فيها أمر، وتصديقه فيما أخبر، واجتناب مانهى عنه و زجر، وأن لانعبد الله إلا بما شرع.

و/ گوێڕایەڵی كردنی ئەوەی ئەوفەرمانی پێ كردبێتین، بەڕاست زانینی ئەو هەواڵانەی كەپێی داوین، دوركەوتنەوەو وازهێنان لەوەی ئەو ڕێگری لێ كردوین وەخواپەرستی نەكرێت بەوشێوەیە نەبێت كەشەرع فێری كردوین.

س٥٣/ ما دليل الصلاة والزكات وتفسير التوحيد؟

پ٥٣/ بەڵگە لەسەر نوێژکردن و زەکات دان و لێکدانەوەو واتای یەکتاپەرستی چیە؟

